# مۆدەی ڕەنگەکانی قژ بۆ ساڵی ٢٠١٢


گرنگی و ئامادەکاری بۆ ستایلەکانی قژ، بەشێکی گرنگە لەجوانی و ئەرکەکانی خانمان، لەوەی چۆن بتوانن خزمەتی قژیان بکەن و لەنزیکەوە کاری بۆ بکەن، کە ببێتە یەکێك لەجوانترین مۆدەکانی تەسریحە و شێوازەکانی قژ، لەڕێگەی دەست نیشانکردنی ستایلی قژ لەچ جۆرە مۆدە و تەسریحەیەك بێ، ئەمەش هەنگاوی یەکەم دەبێ، هەروەها بۆ هەنگاوی دووەمیش، ئەو جۆرە ڕەنگە هەڵدەبژێرین کە لەگەڵ جۆری قژ و ستایلەکەی گونجاو دەبێ، بۆیەکردن یان ڕەنگکردنی قژ یەکێکە لەهەنگاوە جوانەکان کە سوودێکی گەورەی هەیە لەجوانکردنی قژ، چونکە هەندێك خانمان ڕەنگە لەڕەنگی قژی خۆیان بێزار ببن و ئیتر دەکرێ لەڕەنگێکی دیکەوە قژیان بۆیە بکەن، لەساڵی ڕابردوو مۆدەی قژ ڕەنگکردن یان بۆیە کردن ئەوەندە گرنگی نەبوو، بەڵام لەمۆدە و ستایلی ئەمساڵ، زیاتر مۆدەکە دەردەکەوێتەوە و ڕەنگکردن یەکێك دەبێ لەهەنگاوەکانی جوانکاری بۆ قژ، ئەو ڕەنگانەی زیاتر بایەخی پێدەدرێ لەسەرەتای ئەو ساڵەوە ئەوانەن: سوور – قاوەیی- خەنەیی- زەردی کاڵ – تێکەڵی نێوان ڕەش و قاوەیی.






## گوارە ناسک و تازەکان بۆ ساڵی تازە

گشت ئێکسسوارێك لەگەڵ کات و وەرزی خۆیدا گۆڕانکاری و گۆڕان لەشێوە و ستایلەکانی تێدا دەکرێ، ئەمانەش وەك چەندین کەرەستەکانی دیکە دەکرێ پەرەپێدان و کاری باشتر لەدیزاین و شێوە و دیمەنەکانیان بکرێ، بەتایبەت ئەو کەرەستە و ئێکسسوارانەی کە بەرێژەیەکی زۆر دەپۆشرێن، ئەمەش وادەکات کە یەکێك بێت لەگرنگترین ئێکسسوارەکان بەگوێرەی ئەو شوێن و کاتەی دەپۆشرێن، گوارەکانیش گرنگترین بەشەکانی ئێکسسوار پێکدەهێنن و مانایەکی ڕاستەقینە دەبەخشێ لەجوانییەکی سادە و گەورە، لەسەرەتای هەر ساڵێکەوە چەندین مۆدە و ستایلی تازە لەئێکسسوار و گشت بوارەکانی جوانی دەردەکەوێ و تەنانەت کارێکی وای لەسەر دەکرێ کە بەپێی جوانی لەشێوە و دیمەنەکانیان پێوەندییەکی ڕاستەوخۆیان هەبێ بەو کەرەستەیەی کە بەمەبەستێك لەجوانی و ستایلەکانی مۆدە دروست دەکرێن، بۆ ئەوساڵەش تازەترین مۆدەکانی گوارە دەرکەوت کە تا وەرزی داهاتووش مۆدەی خۆی دەنوێنێ و بەردەوام دەبێ.




















## جەنتای دەستی بووک

خانمانی بووك لەگەڵ گشت جۆرە گرنگیدان و دابینکردنی کەرەستە و ئێکسسوارەکان، دەبێ لەهیچ لایەنێك کەموکوڕی نەبێ لەبواری جوانی و لایەنەکانی جوانکاری و مۆدەدا، ئەمەش وادەکات کە گرنگترین و سەرەکیترین کەرەستەکان لەو کاتەوە ئامادەبن، تەنانەت لەحاڵەتێکدا دەکرێ نەپۆشرێن یان هەڵنەگیرێن، یەکێك لەو ئێکسسوارە سەرەکییانەی کە لەپێشوودا مۆدەی باو بوو، تەنانەت وەك کەرەستەیەکی سەرەکی دادەنرا بۆ خانمی بووك، ئەویش جەنتای دەستی بووك بوو، کە زیاتر لەلای کورد ئەو لایەنە فەرامۆش کرابوو، کەچی بەم دواییە





# کراسی کوردی گوڵدار



جۆرێك لەشـێواز و سـتایلە تازەکانی کراسـی کوردی پێشکەش بەخانمان و خوێنەرانی گۆڤارەکەمان دەکەین.

ئەو کراسـە پێکهاتووە لەدوو بەشی سـەرەکی، کە سەرەکییەکە کراسەکەیە و ئەوەی دیکەش ئێلەگە، کراسێکی سادە و ساکارە، کە دیمەنێکی خنجیلانەی هەیە، جوانی ئەو کراسە لەشێوە و ڕەنگی قوماشەکەیە، کە قوماشـەکەی لەدوو جۆرە ڕەنگ پێکهاتووە ئەوانیش ڕەش و سپی، بەڵام زیاتر ڕەنگە سپییەکە زاڵترە بەسەر ڕەنگە ڕەشـەکە، ئەمەش وادەکات کە کراسەکە زیاتر لەڕەنگی سپی خۆی بنوێنێ، بەشـێوازێکی مۆدێرن دیزان و دروونێی بۆ کراوەکە دەکـرێ بەیەکێك لەجوانتریـن مۆدەکانی کراسـی کـوردی دابنرێ، ئەو کراسە کوردییە لەڕەنگی ڕەش و سـپی گوڵدارە، دەکرێ بۆ بۆنە تایبەت و گشـتییەکان بپۆشـرێن، تەنانەت مۆدەیەکی جوانە بۆ گەشت و سەیرانیش وەك کراسێکی سەرەکیش لەبەر بکرێ.

**بەهاوکاری دیزاینەری جلوبەرگ (نیشاخان) لەوڵاتی سوید**

نیشا خان، وەك دیزانەرێکی بواری جلوبەرگ و ستایلە تازەکان، یەکێك لەدیزانەکانی کە کراسێکی کوردییە و لەدوو ڕەنگی سەرەکی پێکهاتووە، ئەو کراسە شێوازێکی تازەی هەیە لەمۆدەی کراسی کوردی، تەنانەت سـتایلێکی مۆدێرنە و لەسەر سـتایلی کلاسـیك و بەگۆڕانکارییەکی سادەوە کاری لەسـەر کردووە، ئێمەش بـۆ هەر جارێك








# کراسە تازەکانی خانمانی بووک

چەند مۆدەیەکی کراسی بووک، کە لەسەرەتای ساڵی تازەوە ستایل و دیزاینی بۆ کـراوە، دەبن بەیەکێك لەجوانترین کراسـەکانی بووك بۆ ئەوسـاڵ، کە شێوازێکی کراوە لەخوارەوە و تیتر بەرەو تەسکبوونەوە دەبێ لەسەرەوە، ئەمەش وادەکات کە خانمی بووك وەك شازادەیەك دەربکەوێ و کە کراسەکەش زیاتر گرنگی پێدراوە لەبەشـی خوارەوەی جگە لەوەی کراوەیە و گەورە دەبێتەوە، هەروەها بەچەندین نەخشی جوان و شایستە ڕازاوە و ستایلی بۆ دانراوە.







# مۆدەیەکی کراوە و کلاسیکە


مۆدەی جەنتای دەسـتی بـووك هاتۆتە کایەوە و دیسـانەوە جێگەی خۆی دەکاتەوە لەکێبڕکێ کردن لەگەڵ کەرەستە و ئێکسسوارەکانی دیکەی بووك، جەنتـای بووك ڕێگەیەکی جوانی واڵایە بۆ خانمی بووك، کە زیاتر تیشـك بخرێتە سەر جوانی دەسـتەکانت و چۆنییەتـی هەڵگرتنی جەنتاکە شـێوازێکی نەرم دەنوێنێ و هۆکارێکی جوانیش دەبێ لەجوانی مۆدەی کراسـی بووك و دەبێتە تەواوکەری بەشەکانی دیکەی جلی بووك، گرنگترین لایەن لەجەنتـای بووکەکان، بریتییە لەڕەنگ و شـێوەی جەنتاکە بۆ ئەوەی گونجاو بێ لەگەڵ جلوبەرگ و کراسی بووکە خان.

## دۆشین:



یەکێکە لەکار و ئەرکەکان کە زیاتر ئافرەتان ئەو کارە دەکەن، دەکرێ پیاوانیش دۆشین بکەن، کەچی زیاتر ئافرەت و دایکانی کورد ئەو کارەیان لەئەستۆی خۆیان گرتووە و لەدێر زەمانەوە ئەوان دەیکەن، دۆشین بریتییە لەدەرهێنانی شیر لەگوانی گیاندارە خۆماڵییەکان، کە ئەوانەی شیردەرن وەك: مانگا، بزن، مەڕ.. کە ئەوانەش لەژیانی گوند و ناوچە شاخاویەکاندا هەنە و وەك سەرچاوەیەکی دارایی دەبێ بۆ خاوەنەکەی، دۆشین،

## جوانی و سوودمەندی و گرنگی بەنداوی دەربەندیخان








کوردستان پڕە لەچیا و دۆڵ و بەرزی و نزمی و ئاوەڕۆ و سەرچاوەی ئاوی سروشتی و چەندەها سەرچاوەی سروشتی کە دەکرێت گەورەترین سوود ببەخشن لە گشت بوارێکدا، یەکێك لەو شوێنەی کە سەرچاوەیەکی ئاوی زۆری لێوە کۆدەبێتەوە، ئەویش بەنداوی (دەربەندیخان)ە، ئەو بەنداوە دەکەوێتە قەزای دەربەندیخان و لەدووری (٦٥) کیلۆمەتر لەشاری سلێمانی و دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری کەرکوك ئەو بەنداوە لەساڵی (١٩٦١) دروست کراوە و کاری کردووە و لەلایەن کۆمپانیایەکی ئەمریکی دروست کراوە و لەچرکەیەکدا نزیکەی (٢٥ تا ٢٦) مەتر سێجا ئاو دەڕوێنێ، ئەو شوێنە ئێستا بەدەریاچە ناوزەند دەکرێ و لەشێوەی دەریاچەیەك بڕە ئاوێکی زۆری لێ کۆدەبێتەوە کە سەرچاوەکەی باران و ئاوی چیاکانە، ئێستا ئەو بەنداوە کار دەکات و لەتوانای دایە چەندەها میگاوات کارەبا بەرهەمبهێنێ بەهێزی (کەهرۆ ئاوی) کە پرۆسەیەکە توانا و هێزی ئاو بەتۆڕبین دەبەسترێتەوە و وادەکات کە هێزی ئاو ئەو تۆڕبینە گەورانە بسوڕێنێ و لەگەڵ ئەو جووڵەیە کارەبا دروست دەبێ، جگە لەوەش ئەو ئاوەی دێتە خوارەوە، دەبێتە سەرچاوەیەك بۆ کشتوکاڵ و ئاودێری، تەنانەت ئەو شوێنە بۆتە شوێنێکی گەشت و گوزار و ڕاوکردنی ماسی کە ساڵانە هەزارەها لەخەڵکی کوردستان و عێراق سەردانی ئەو شوێنە خۆشە دەکەن.

## خاوەن درێژترین نینۆک

ئەوانەی لەکاری سەیر و جوان بەردەوامن، دەتوانن نازناوەکان بۆخۆیان بەدی بێنن، ئەمەش لەو کاتەی لەسەر کارێك ماندوو دەبن و دەتوانن سەرەنجی کەسانی دیکە ڕابکێشن، ئەوەی دەیبینن سەرەڕای ئەوەی گۆرانیبێژە، کەچی خاوەن درێژترین نینۆکە و دەتوانێ بەو نینۆکە درێژانەوە پیانۆ بژەنێ و کاری ماڵەوە و خۆی ئەنجام بدات، ئەو ئافرەتە ناوی (کریس واڵتۆن)ە و ماوەی (١٨) ساڵە نینۆکی نەبڕیوە، کە ئێستا تەمەنی (٤٥) ساڵە.

## جووڵە سەیرەکانی



بریتییە لەگوشینی گوانی ئاژەڵی شیردەر لەدوای ئەوەی بێچووی دەبێ و ئیتر شیر لەگوانەکانی دەبێ، لەگەڵ ئەوەی بێچووەکان شیری دایکەکیان دەخۆن، کەچی ڕێژەیەکی زۆریش زیاد دەبێ لەگوانی ئاژەڵەکە، دۆشین، دەبێ بەنەرمی و سانایی بێ کاتێك ئافرەتەکە لەدواوەی ئاژەڵەکە دانیشێ و گوانی ئاژەڵەکە دەگوشێ و شیرەکە دێتە خوارەوە و ئیتر دەخرێتە ناو مەنجەڵ یان سەتڵێك، دواتر ئەو شیرە دەکوڵێنرێت و ئینجا دەکرێ بە بەروبومەکانی شیر وەك: قەیماغ – سەڵتوو-ماست و پەنیر و ژاژی و دۆ.



## یاری جمناستیک

جمناستیك یەکێکە لەو یاریە هەرەخۆش و بەجۆشانەی کە زۆربەی خەڵك جگە لەوەی سەیری دەکەن، کەچی سەرسوڕمانیش دەبن لەبەرامبەر ئەو جووڵە سەیرانەی کە یاریزانە جمناستیکەکان ئەنجامی دەدەن لەکاتی یاری کردن، کە جووڵەی ئەوەندە سەیر و تەنانەت جەستەیان وەکو ئەوەی لەلاستیك دروست کرابێ، کە بەجۆرێك دەچەمێنەوە و لار دەبنەوە ناچێتە ئەقڵی مرۆڤ و هەندێ کەسیش دڵتەنگ دەبن لەکاتی نمایشی جمناستیك کە لەوەی یاریزانەکە شتێکی بەسەردێ لەکاتی یاریکردن، چەندین وێنەی جوان لەکاتی یاری جمناستیك وەردەگیرێت و ئەمانەش چەندین وێنەی جوان و سەیرن لەو یارییە خۆش و سەیرە.



## درێژی قژێک (٢٤٠) سەنتیمەترە


خاوەن قژە درێژەکان زیاتر لەئافرەتانی ڕۆژهەڵات و کیشوەری ئاسیادا دەردەکەون، ئەمەش وەك نەریتێکی کۆن کە قژیان نەبڕن و بهێڵنەوە و تاوەکو بگاتە درێژییەك کە ببێتە جێگەی سەرسوڕمانی خەڵك، ئەو خانمە لەوڵاتی چینە و تا ئێستا خاوەن درێژترین قژە، (لی لینمی) شانازی بەقژە درێژەکەی دەکات و نزیکەی (١٤) ساڵە نەیبڕیوە، تا ئێستا درێژی قژی دەگاتە (٢٤٠) سم واتە نزیکەی دوو مەتر و نیو، دیەوێ بەردەوامیش بێ لەو کارە تا ببێتە خاوەن درێژترین قژ لەجیهان بەبێ بوونی کەسێکی دیکە کە پێشبڕکێی بکات.

## قژ و سمێڵە جیاوازەکان

کارە سەیرەکانی گەنجان لەگشت بوارێکدا کە دەکەوێتە بیرۆکەیان، ئەمەش کاتێك بیر لەکارێك دەکەنەوە و تەنیا بەقسەی خۆیان دەکەن، وەك ئەوەی شێوەیەکی جوان و سەرنجراکێش بە خۆیان بدەن، زیاتر لەشێوەی قژ و ڕدێن و سمێڵ کاری لەم جۆرە دەکەن، وەك ئەو دوو وێنەیەی کە یەکێکیان کوردێکە و ئەوەی دیکەش خەڵکی عێراقە، هەر یەکە بە شێوەیەك قژ و سمێڵیان تاشیوە کە مانای شتێك بدات، ئەوەی سەیرە یەکێکیان سمێڵ و ڕدێنی کردۆتە هێمای پرس و ئەوەی دیکەش قژی کردۆتە سمێڵ.











**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

پێویستە بەوردی بەژیانی خۆتدا بچیتەوەو گۆڕانکاری لەبیروڕاکانت بکەیت، چونکە لەگەڵ سەردەمی ئێستادا ناگونجێت، ئەگەرنا ژیانت بەرەو ناخۆشی دەچێت.




**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

بە تاقیکردنەوەیەکی ئەڤینداریدا دەڕۆیت، ئەگەر بتوانیت بەگونجاوی لەگەڵیدا هەڵسوکەوت بکەیت، لەوانەیە بەختەوەر و دڵشادت بکات.



**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

هەواڵێکی خۆشت پێ دەگات کە دەمێکە چاوەڕێی دەکەی، هەوڵبدە بڕیارەکانت لەسەر بنچینەی سۆز نەبێت، بەڵکو لەسەر بنچینەی هۆش و عەقڵ بێت.




**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

دەمێکە خۆت لە خزم و هاوڕێکانی خۆت بەدوور گرتووە، هەوڵبدە سەردانیان بکەیت و هۆکارەکانیان بۆ ڕوون بکەیتەوە، با چیتر گلەییت لێ نەکەن.




**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**

پێویست ناکات سارد بیتەوە لەم کارەی کە ماوەیەکە خەریکیت و نەخشەیەکی باشت بۆ کێشاوە، چونکە کەسانێك هەن بۆ بەرژەوەندی خۆیان دەیانەوێ پەشیمانت بکەنەوە.



**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

خاوەن هەڵوێستێکی نەگۆڕبە، چونکە بڕوات بەخۆت زۆر پتەوەو لەسەر ڕێگای ڕاست دەڕۆیت، بەدڵنیاییەوە ئەم ماوەیە بەختیار دەبیت.




## ئەو گوێدرێژە چی دەکات!



لەوانەیە لەلاتان سەیر بێ، کە ئەو کەرە بۆ سەری بەدیوار داداوە، هەیە لەوانەیە بڵێ سەری دەهێشێ، یان هەیە دەڵێ ئەو کەرە خەمێکی هەیە! یان زۆر ماندووە، ئەو قسانەی سەرەوە، هیچیان بۆ کەر نابێ، لەم وێنەیە ئەو کەرە سەری ئەخورێ و سەری خۆی بەدیوارەکە دەخورێنێ، چونکە دەستی نییە و ناتوانێت بیخورێنێت.

**بۆ زانینی ئاستی زیرەکی مێشك لەماوەی (٢) خولەکدا چەند خاڵێکی هاوبەش لە نێوان خاڵە جیاوازییەکاندا بدۆزەرەوە**

وێنەی جیاواز و خاڵی هاوبەش



## بۆ زاخـاوی مێشک

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (گەرمیان) بوو

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە کە لە کۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە :

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بەمانای (گیاندارێکی خشۆکە و بەمرۆڤ وەدەدات)
- پیتی خانەکانی (٤+٥+٦) کۆ بکەیتەوە بەمانای (ئایین بەزمانی عەرەبی)
- پیتی خانەکانی (٤+٢+٣) کۆبکەیتەوە بەمانای (پێچەوانەی ئاسن، ماددەیەکە سەر ئاو دەکەوێ)
- پیتی خانەکانی (٥+٦) کۆ بکەیتەوە بەمانای (دراوی ژاپۆن)



## ئاسۆیی:

١- مامۆستا و نووسەری گەورەی کورد.
٢- پێی قادرمە(پ)- لە زنجیرە شاخەکانی سنووری عێراق و تورکیایە
٣- نۆبەدار بە زمانی عەرەبی - لە زنجیرە چیایەکانی سنووری عێراق و ئێرانە.
٤- نیوەی وشەی کاوە- خۆراکی پەلەوەر.
٥- دوو پیتی جیاواز- ژمارەیە(پ)- هەڵگڕانەوەی برین.
٦- زەردەخەنە(پ)- قوتابیەکی ئایینییە(پ).
٧- نیوەی وشەی مۆز- پێڵاوی کوردەواری- لەمەرەز دروست دەکرێت.
٨-سەر لێ شێواو(پ).
٩- گەورەیی- واتە مەخۆ بە زمانی مناڵ- تۆقان.
١٠- برین(م)- دوعا(پ)- وەکویەك.
١١- فەرمانڕەوایی چەند مەملەکەتێك- کەسی تازە ژنی هێنابێ.
١٢- ناوی دراوسێکە- خەراپ- نیوەی وشەی شەکر.

## ستوونی:

١- شاعیرێکی کوردە- نازناوی هونەرمەندێکی گەورەی شاری هەولێرە(پ).
٢- گۆرانیبێژێکی کوردە(پ)- بۆ بیناسازی بەکاردێ.
٣- سەر بە زمانی عەرەبی- پەیمانێك بوو کوردستانی گەورەکردە چواربەش.
٤- درۆ(پ)- داپیرە- بگرە.
٥- گیاندارێکی گۆشخۆرە- دووپیتی جیاواز.
٦- یارییەکی کۆنی کوردەوارییە(پ)- ناوی گوڵێکە.
٧- یەکێکە لە فەرزەکانی ئیسلام- شکۆ- جۆرە مەلێکی گۆشت خۆرە(پ).
٨- سڕ- گوتن.
٩- زۆر(پ)- پێشەوا- دەست پیس(پ).
١٠- نیوەی وشەی دنکە- نۆرە(پ)- دووپیتی جیاواز.
١١-وەکویەك- باڵندەیەکی شاخاوییە(پ)- دەوڵەتێکی ئەمەریکییە(پ) .
١٢- وەکویەك- مانگێکی کوردییە.

## یاری پیت ریزکردن

هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنەکان ڕێکبخەی بۆ ئەوەی ناوی خواردنێکی کوردەواریت بۆ دەربچێ

ف ە ت ك


وەڵامی ژمارەی پێشوو (شمشاڵ)

## دیوانە شیعر



**زیوەری شاعیر دەڵێ:**

با نەچینە لای ڕەقیبان یار ئەنیسی خانە بێ
لازمە ئەو ئاسکە لەولانابێ، لەولانەبێ
دیدە وەختێ تۆی لەلا حازر نەبێ وا حەز ئەکا
بۆ نەزەر لەعل و دوری یەکتانەبێ، یەکتانەبێ
عارفی حەقبین چ باکی زینەت و ئارایشتە
وای ئەوێ ناو شار و ناودێ وانەبێ، دێوانەبێ
دۆستی و خزمی نەماوە بۆ ڕەفیقی خۆی فەلاح
حەز ئەکا بەو شەرتە گەر بێ گانەبێ، بێگانەبێ
هەر کەسێک بۆ تەرکی دولبەر دێ نەسیحەتمان ئەکا
ئەم دوعایەی لێ ئەکەم یاخوا نەبێ، یەخوا نەبێ
شەمعی ڕووتە بۆتە باعیس زێوەر ئێستا دائیما
گەر لەخاتریا کەمێ پەروانەبێ، پەروانەبێ
س: ماڵێك بۆ شیعری کوردی



## نوکتە


- جارێک قەڵەوێك ئەچێت بۆ لای دکتۆر ئەڵێت چی بکەم بۆ ئەوەی زەعیف ببم؟ دکتۆرەکەش ئەڵێت سەمون بخۆ ئەویش ئەڵێت پێش نان یان دوای نان.

- کوڕێك داوای عیلاقەی لە کچێ کرد، کچەکە گوتی ببورە ناتوانم، کوڕەکەش بەدڵە سافەکەی خۆیەوە وتی: بۆ کچی چاک؟ خۆ فەردە ئاردت پێ هەڵناگرم تا نەتوانی...

## مانای شتەکان لەخەون

**مار** لەخەودا دوژمنە یان پارەیە یان ئافرەتە یان کوڕە. ئەو کەسەی مار ببینێ و لێی نەترسێ ئەو کەسە زۆر ئازاو بەتوانایە، مار دوژمنێکی پارە دارە، چونکە ژەهر لەخەودا پارەیە، ئەگەر یەکێک لە خەویا ببینێ مار چووە ماڵی، ئەوە لەلایەن دوژمنەکەیەوە هەڵ ئەخەڵەتێ ئەگەر مارەکە بگرێت و بۆخۆی بیبات ئەوە زۆر بە ئاسانی پارە لە دوژمنەکەی وەرئەگرێ، ئەگەر مارەکە بکوژێ بەسەر دوژمنەکەی زاڵ ئەبێت، ئەگەر دەستیشی بەخوێن بێت ئەوە دوژمنەکەی ئەمرێ و پارەی بۆ ئەمێنێتەوە، مار پێوەدان باش نییە مانای زیان لێکەوتنە، فڕینی مار سەفەرە، کوشتنی ماری بچووک مانای کوشتنی کوڕێکی بچکۆڵەیە، کوشتنی مار بەکۆمەڵ لە بازاڕدا مانای جەنگ ڕوودەدات و دوژمن سەرئەکەوێت.

سەرچاوە: خەوننامە!



**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

هەندێك گرفتت بۆ دروست دەبێت، وات لێدەکات تا ماوەیەك ماندووبیت، گەر بەتەمای سەفەریت دوای بخە باشترە، چونکە بارودۆخەکە لەبەرژەوەندی تۆدا نییە.



**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

ئەو کەسانەی کە لەچواردەورەی تۆدان، واتێدەگەن کە تۆ هێشتا زۆر شت دەربارەیان نازانی، بەم زووانە زۆر شت بۆ تۆو بۆ ئەوان ڕوون دەبێتەوە.




**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

زۆر کەس هەن لێت تێناگەن، بێزار مەبە لە هەڵوێستی ئەم جۆرە کەسانە، دان بەخۆتدا بگرەو هێمنی خۆت بپارێزە، ئاواتەکانت ڕۆژێك هەر دێت بێتەدی.




**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

هاوڕێکەت مێشکی زۆر ماندووە بەدەست تۆو ڕەفتارەکانت، چاکتر وایە راستیەکانی بۆ روون بکەیتەوە، تاوەکو بەهەڵە لێت تێنەگات، چونکە تۆی زۆر خۆش دەوێت.



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

رۆژ لەدوای ڕۆژ خەرمانی تەمەنت بەرەو کەمی دەچێت، بۆیە پێویست ناکات ئەوەندە خەم لە رابردووت بخۆیت، ئازابەو ڕووبەڕووی کۆسپەکانی ژیان بەرەوە.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

ڕاستە لەناو خەیاڵی خۆتدا زۆر شتی باشت داناوە، بەڵام کاتێك کە خەریکی جێبەجێ کردنی خەونەکانت دەبیت لەسەر ئەرزی واقیع، ئینجا تێدەگەی کە چەند هەڵەی.